# ڕۆڵی کۆمەڵگە لە سەرخستنی پڕۆسەی خوێندن

**باوەڕدارانی خۆشەویست:**

هەر وەکو دەزانن دوای چەند ڕۆژێکی تر گرینگترین پرۆسە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەچێت ئەویش پڕۆسەی خوێندنە، دیارە خوێندنیش داینەمۆی بەرەو پێش چوونی هەر کۆمەڵگەیەکە، کە بیەوێت بگات بە کاروانی پێشکەوتن و سەرفرازی، وە ئێمەی موسڵمانیش لە هەموو کەس زیاتر ئەبێت خۆمان بە بەرپرسیار بزانین لە ئاست زانست و زانیاری و پێگەیاندنی نەوەیەکی زاناو زانست خواز، هەر بۆیە پێویستە هەموو چین و توێژێکی نێو کۆمەڵگەی کوردستان خۆیان بە بەرپرسیار بزانن لە ئاست سەرخستنی ئەم پرۆسە چارەنوس سازەدا، هەروەك پێغەمبەر دەفەرموێت (**كُلُّكُمْ رَاعٍ وَكُلُّكُمْ مسؤول عن رَعِيَّتِهِ**...) رواه البخاری.

بەتایبەت چەند لایەنێك هەن زیاتر ئەرکی سەرشانیان قورس دەبێت بۆ پاڵپشتی و زەمینەسازی زیاتر بۆ سەرخستنی پڕۆسەی خوێندن ئەوانیش:

**یەکەم**: **برایانی بازرگان**: لەدەستپێکی کردنەوەی قوتابخانەکان قوتابیان ڕوودەکەنە بازاڕەکان بۆ دابین کردنی پێداویستیەکانی قوتابخانە لە قەلەم و کاغەزەوە بیگرە تا دەگاتە جل و بەرگی قوتابخانە، دیارە ئەمەش کاری بازرگان و دوکاندارەکانە کە هەڵسن بە دابینکردنی ئەم پێداویستیانە، بە جۆرێك هەم کوالێتی کالاکان بەرزبێت و غەشی تێنەکرێت و شتی خراپ بەباش نە فرۆشن چونکە پێغەمبەر دەفەرموێت (**من غش فليس منا**) هەمیش ڕێگە بە خۆیان نەدەن فورسەت لە قوتابیان بێنن بە گرانکردنی نرخەکان چونکە پێغەمبەر تەهدیدی بازرگانی خراپی کردوە هەروەك دەفەرموێت: {**قد خرج النبي ص إلى المصلى فرأى الناس يتبايعون، فقال: (يا معشر التجار) فاستجابوا لرسول الله ص، ورفعوا أعناقهم وأبصارهم إليه فقال: (إن التجار يبعثون يوم القيامة فجاراً، إلا من اتقى الله وبر وصدق**} رواه الترمذي وهو حديث صحيح.

**دووەم**: **چینی خێرخوازان**: بێگومان خێرخوازان ڕۆڵی کاریگەریان هەیە لە سەرجەم مەیدانەکانی ژیان لە کۆمەڵگاداو هەر ئەوانن لەکاتی پێویستی و لێقەوماندا فریای لێقەوماوان دەکەون، هەر بۆیە لە پڕۆسەیەکی وا گرنگدا چاوی خێرو درێژکردنی دەستی یارمەتی لەوانەوە چاوەڕیَ دەکرێت، ئینجا بەدروستکردنی قوتابخانە بێت، یان نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان، یان بەدابینکردنی پێداویستی بۆ قوتابخانەکان، یانیش بە یارمەتی دانی قوتابیە هەژارو کەم دەرامەتەکان، بە کڕینی پێداویستی خوێندن بێت یانیش کڕینی جل وبەرگ بێت، چونکە هەمومان دەزانین هەزاران خانەوادە هەن ناتوانن پێداویستی قوتابخانە بۆ منداڵەکانیان دابین کەن، بۆیە دەبێت خوا پێداوان وا بێننە بەرچاو کەوا کچ و کوڕی ئەم کوردستانە هی خۆیانن، ئەم هەموو هاوکاریانەش دەچنە

خانەی (سەدەقەی جاریە) بۆ ئەم جۆرە هاوکاریانەش پێغەمبەر دەفەرموێت: (من نفس عن مؤمن كربة من كرب الدنيا نفس الله عنه كربة من كرب يوم القيامة ومن يسر على معسر يسر الله عليه في الدنيا والآخرة ومن ستر مسلماً ستره الله في الدنيا والآخرة ومن كان في حاجةِ أخيه كان اللهُ في حاجتِه والله في عون العبد ما كان العبد في عون أخيه) روى مسلم

**سێیەم: ڕاگەیاندنو ڕاگەیێندکاران**: چینێکی تر کە پێویستە هاوکار بن لەم پرۆسەیە ڕاگەیاندنەکانن، کە پێویستە لەسەریان لە وەرزی خوێندندا ڕەچاوی بارودۆخی خوێندکاران بکەنو کار لەسەر جۆرە بەرنامانێك نەکەن کە گونجاو نین لە گەڵ دۆخی خوێندنو باری دەرونی قوتابیان، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەبێت هەموو هەوڵێکیان بخەنە گەڕ بۆ خزمەت گەیاندن بە پرۆسەی خوێندنو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیو ڕۆشنبیری قوتابیان، کە ئەمەیان ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیریشە کە هەڵسێت بە چاودیری کردنی توندی راگەیاندنەکان لەو بارەوە، وە نەهێلێت لە ڕاگەیاندنەکانی کوردستان شتێك پەخش بکرێت کە ببێتە مایەی تێکچوونی ڕەوشتی گەنج و لاوەکانمان و بە فیڕۆدانی کاتە زێڕینەکانی ئەوان چونکە خوا دەفەرموێت: ( إِنَّ الَّذِينَ يُحِبُّونَ أَنْ تَشِيعَ الْفَاحِشَةُ فِي الَّذِينَ آمَنُوا لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ وَاللَّهُ يَعْلَمُ وَأَنْتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ) ﴿النور: ١٩﴾ هەروەك تەڕوبجدان بە یاریەکانی هاوشێوی پۆبجیو یاریەکانی تۆپی پێی جیهانیەکان، دەبنە مایەی دورکەوتنەوەی زیاتری قوتابیان لە خوێندن.

**چوارەم: ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی**: ئەرکی سەرجەم چالاکوان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیە کە ڕۆڵی خۆیان ببینن و هەوڵ بدەن بە هاندانو پاڵپشتیو لەرێی سیمینارو وۆرکشۆپەوە کار لەسەر پەرەدان بە خوێندنو ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگە لەو بارەو بەرزکردنەوەی هەستی بایەخدان بە پرۆسەی خوێندن لای قوتابیان بکەن.